# بەرپرسێکی جوان

گۆران محەمەد

هەر زوو با کەس وا تێنەگات بەرگریی لە بەرپرسان دەکەم، چونکە پێم وایە تا ئەو جێیە رۆژنامەنووسێکی باش دەبم کە بە دژی خواستی بەرپرسان بنووسم ئاخر ئەوان کە دەبوا ئێستا خوێنشیرینترین کەس بانا؛ کەچی قاوەی عەرەبی لە چاو هەندێکیانا قەندی بە هێلە.

مەملەکەتی ئێمە لە قۆناخی دروستبووندایە، ئەم جۆرە مەملەکەتانەش راوچیی ئاوی لێڵی تیا چالاکە، دەڵێن ئەوە دەردی هەر کۆمەڵگەیەکە کە لە قۆناخی گۆڕاندا بێت، بە هەر حاڵ خوازیار نیم ئێستا باسی گەندەڵیی بکەم چونکە دەست و ئەژنۆ و پێم وایە ئەگەر یەزدان عەمر بدات؛ ئەوە کات زۆرە باسی گەندەڵیی تیا بکەین.

رۆژێکیان هەر لۆ فشەی لە خۆمم پرسی، بڵێی کەی بەرپرس رۆح سووك بێت؟ داخۆ سیفەتەکانی بەرپرسی جوان کامانەن؟ من باوەشێ وەڵامم چنگ کەوت کەرەمکەن ئەمە مشتێکیانە:

- ✓ بەرپرس ئەو کاتانە جوانە کە بنەپێ داناگرێت تا وێنەی مەراسیمی سەربەکەف خواردنەوەی ئەو رۆژەی لە سەرەوەی گرنگترین هەواڵە نێوخۆییەکاندا دابنرێت، ئەو هەواڵانەی نەك بۆ ناوخۆ، بەڵکوو بۆ ناوکەف یش کەڵکیان نییە.
- ✓ ئەو کاتانەش جوانە کە تەواوی مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە بە سزای رەوای گەل و نیشتمان ناگەیەنێت چونکە زاتیان کردووە بە کوڕەکەی ئەم بڵێن تکایە بێ زەحمەت بە یارمەتیی خۆت لە مەکتەب جگەرە مەکێشە و بە مامۆستاکانیش رامەبوێرە.
- ✓ خۆ بەرپرس ئەو کاتانەش جوانە کە وەك ئەنیشتاین کار لە زەمەندا ناکات و هەوڵ نادات زەمەن بۆ دواوە بگێڕێتەوە بەوەی رۆژی سێ جار سەر و سمێڵ و برۆ و برژانگ بۆیاخ بکات و چوار وەرزە خەریکی کچ و ژن و بێوەژن هێنان و هەندێکی دیکە نەهێنان بێت.
- ✓ کەواتە بەرپرس ئەو کاتە جوانە کە بە دۆلار و یۆرۆ و مارك و پاوەند پاداشتی خوێنی سووری چیا، بە شەوی سوور ناداتەوە.
- ✓ بەر پرس ئەو کاتانەش جوانە کە بە سێ سەد حیمایەی ناشرینەوە ناچێ لە (من و تۆ)* بایی ئێمە و ئەوان دۆندرمە بخوات.
- ✓ بێ گومان ئەو کاتانەش بەرپرس جوانە کە شەوان سێ چوار دەستە ماستاوچی و کۆنە بەعسی و کۆنە هین لە نادی کۆناکاتەوە تا پیاهەڵبەن و نیواونیوی هەوای ئازادیی مەملەکەتەکەمان بە نێرگەلە بسووتێنن.
- ✓ پێم وایە دەبێ بەرپرس ئەو کاتانەش جوان بێت کە عەیب نەبێت هاتە سەر کورسییەك ئیتر بڕیار نەدات کە ئەم کورسییە دەبێ بۆ ئەو کوڕەی بێت کە هێشتا دایکیشی لە دایك نەبووە،
- ✓ ئەرێ بەڕاست چەند بەرپرسی جوانمان هەیە؟
- ✓ بەڵام با زۆر زاڵمیش نەبین و ئەوەمان لە یاد نەچێت کە بەرپرسانی ئێمە چەندین سوودیان هەیە ئەمە هەندێکیانە:
- ✓ چیتر مەترسیی نەمانی ئەو دوعا فۆلکلۆرییانە نامێنێت کە نەنکم لە پیاو خراپانی دەکرد چونکە پۆستمۆدێرنەکانیش لە هەندێ بەرپرسی کوردی دەکەن.

- ✓ ئەگەر بە چەند مانگ جارێك بەرپرسێك بوتڵە خوێنێك ببەخشێت؛ ئەوە پاش وشكردنەوەی؛ دەكرێ كوردستان ببێتە باشترین بەرهەمهێنەری ڤیاگرا و وەك سامانێكی نەتەوەیی سوودی لێوەرگیرێت.
- ✓ هیوای زیندووبوونەوەی ماركسییەت و خەباتی چینایەتی هەر دەمێنێت چونكە ئەوانەی پێڵاوەكانیان دڕاوە؛ ڕۆژانە ئەو بەرپرسانە دەبینن كە بە مۆنیكایەكەوە چەند لەیلایەك دوای خۆیان دەخەن.
- ✓ دوای یازدە ساڵ خەڵكی هەڤیانە بپرسن: ئەی هاوار ئەمە ئینتیفازە بوو كردمان یان قومار؟ خۆ كەس فلسی پێ نەما!

Goransalih@hotmail.com

⋆ من و تۆ ناوی كافیتریایەكە لە هەولێر

www.kurdistannet.org